# دێرین
DÊRÎN

خاوەنی ڕۆژنامە : کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

سەرنووسەر : بێستون سابوراوایی

جێگری سەرنووسەر : کاکە عەبە

ژمارە : (2) - چوارشەممە 2006/9/20 29ی گەلاوێژی 2706

ڕۆژنامەیەکی پێشمەرگانەی گشتییە

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دووهەفتە جارێك دەریدەکات

خوێندنەوەی ژیرانەی دوێنێ.. ناسینی ئەمڕۆ.. بەرهەمهێنانی سبەی.


# گەڕاندنەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تر بۆسەر هەرێمی کوردستان، مەسەلەیەکی چارەنووسسازە بۆ کورد

## کوردو ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەمەودوا

ئەو هەلومەرجە لەبارەی کەدوای ڕاپەڕین بەگشتی و ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام بەتایبەتی بۆکوردو کێشە ڕەواکەی هاتبوە پێش، بەهۆی فەشەلی تائیستەی هێزەکانی هاوپەیمانان لەکۆنترۆلکردنی بارودۆخی عێراق و چالاکبوونەوەی ڕۆڵی ولاتانی دەوروبەرو ریزبەندی هێزە شۆڤێنیستەکانی نێوخۆی عێراق دژ بەکوردو مافەکانی، واخەریکە کاڵ دەبێتەوەو کورد بەناچاری دەخرێتەوە قۆناغێکی تری ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت لەپێناو پاراستنی دەسکەوتەکانیدا، کەبێگومان ساڵی ئایندە(2007) دەستپێکی ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە دەبێت، بەتایبەتی کەلەم ساڵەدا جێبەجێکردنی مادەی(140)ی دەستووری هەمیشەیی تایبەت بەگێڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابراوەکانی تر بۆسەر هەرێمی کوردستان کە مەسەلەیەکی چارەنووسسازە بۆکورد، یەکلایی دەبێتەوە.

لە (2003/4/9)دا کە ڕژێمی خوێنرێژو ئەنفالچی سەدام ڕووخا، زۆری نەبرد ڕووداوەکان دەریانخست، کە ئەوەی ڕوویدا تەنها ڕووخانی دیکتاتۆریەت بوو، ئەگینا شۆڤێنیزم و ئەمجارەیان تایفەگەریش کە دوو ڕەگەزی دژ بەدیموکراسی کردنی عێراقن وەکو خۆیان، بگرە زیاتریش لەجاران بوونیان هەیە، کە دیارە ئەمانەش زوو یا درەنگ دژ بەمافەکانی گەلی کوردستان دەوەستنەوە، کە چارەسەرکردنی کێشە ڕەواکەی لەم قۆناغەدا ڕاستەوخۆ بەبوونی عێراقێکی دیموکراسی دوور لەشۆڤێنی و تایفەگەری بەستراوەتەوە.

قەیران و دەستەوەستانی تا ئێستای هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەکۆنترۆلکردنی ئاسایشی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ بەزەرەری دیموکراسی و چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان و جێبەجێکردنی دەستوور لەعێراقدا دەشکێتەوە، کە لەبەرامبەردا فشاری ولاتانی دەوروبەروو هێزە شۆڤێنیستی و تیرۆریستەکانی نێوخۆی عێراق بۆتێکدانی پرۆسەی دیموکراسی لەعێراق و جێبەجێکردنی مافەکانی گەلی کوردستان وەك بەشێك لەم پرۆسە سیاسی و دەستووریە زیاتر دەکات.

تێکدانی بارودۆخی شاری کەرکوك بەمەبەستی ڕێگرتن لەجێبەجێکردنی مادەی(140)و ئاسایکردنەوەی بارودۆخی شارەکەو هەولدان بۆ بچوککردنەوەی مافەکانی گەلی کوردستان لەدەستوورو خۆبواردن لەجێبەجێکردنی مادەی(140)ی تایبەت بەگێرانەی کەرکوك و ناوچە دابراوەکان بۆسەر هەرێمی کوردستان و گەورەکردنی مەسەلەی داگرتنی ئالای بەعس لەکوردستان و زیندوکردنەوەی جاشایەتی و مەسەلەکانی بودجەو سوتەمەنی و..هتد، ئەمانە ئەم کێشانەن کە ماوەیەکە هێزە شۆڤێنیستەکانی عێراق بۆکوردستانی دروست دەکەن، بۆیە بۆرێگەگرتن لەئالۆزبوونی زیاتری پەیوەندیەکان و پابەندبوونەوەی لایەنەکان بەپرۆسە سیاسییەکەی عێراق و بەدامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالی کەهەر لەسەرەتادا لایەنەکان لەسەری ڕێککەوتوون، پێویستە هەموو لایەنەکان پابەندبوونی خۆیان بەدەستوورو جێبەجێکردنی ناوەرۆکی دەستوورەکە کەسەرجەم کێشەکانی تێدا یەکلایی کراوەتەوە دەربڕن، کە دیارە تەنها بەمەش کێشەکان چارەسەر دەکرێن و ڕێگەش لەدەستتێوەردانی دەرەکی لە کاری تێکدەرانەی ئەو هێزو لایەنە شۆڤێنیستانە دەگیرێت کە لەبنەڕەتدا دژ بەدەستوورو دژ بەپرۆسە سیاسییەکەی عێراق و دژ بەعێراقێکی دیموکراتی فیدرالن.

**ئەلەند**

## کۆبونەوەیەك سەبارەت بە سپاردنی ئاسایشی هەرێم بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان

بەسەرپەرشتی بەڕێزان کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم وکاك کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 2006/9/18 لە هاوینە هەواری سەلاحەدین کۆبونەوەی هاوبەشی گواستنەوەی لێپرسراوێتی ئاسایشی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەی ڕەسمی بۆ ئەستۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە چوو..

لەوکۆبونەوەدا کە نوێنەرانی وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و فەرماندەی لەشکری کوردستان و لێپرسراوانی باڵای سەربازی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جێگری فەرماندەیی گشتی هێزەکانی هاوپەیمانان و نوێنەرانی باڵوێزخانەکانی هەریەك لە (ئەمریکا، بەریتانیا) ئامادەیبوون، چەند تەوەرێکیگرنگ سەبارەت بە سپاردنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕەسمی بەهێزی پێشمەرگە تاووتوێکرا.

هەروەها دەربارەی هاوکاری نێوان هێزی هاوپەیمانان و حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەرکردنی یاساو ڕێنماییەکان بۆ گۆڕینی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە گاردی کوردستان و، پارێزەری ئاسایش، چەندین بۆچوون و پێشنیاز خرانە ڕوو.



لە PUK media-وە وەرگیراوە

## بەخێرهاتنەوە



بەخێرهاتنەوەی خاتوو ڕوناکی شێخ جەناب، ئەندامی ئەنجومەنی باڵاو لێپرسراوی بەشی ژنانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دەکەین، کە ماوەیەك لەمەوبەرو بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی سەردانی وڵاتی ئەڵمانیای کردبوو، دوای ئەوەی نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوی بۆ ئەنجامدرا، ڕۆژی هەینی 9/15 گەیشتەوە سلێمانی.
دووبارە هیوای لەشساغی بۆ بەڕێزی دەخوازین.

**دێرین**

## کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ هونەرمەندو شاعیرو پێشمەرگەی دێرین خالید دلێر



بەمەبستی ڕێزلێنان لە هونەرمەندو شاعیرو پێشمەرگەی دێرین مامۆستا خالید دلێر، ئێوارەی ڕۆژی 2006/9/14 بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیری گەلاوێژ لەهۆڵی دیالۆگی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و لەژێر ناوی (خالید دلێر پیاوی ئاوێتە لەشیعرو ئاواز و هەلوێستی جوامێرانە) کۆڕێکی ڕێکخست .

سەرەتای کۆڕەکە بە دەقیقەیەك بۆ قوربانیانی گەلەکەمان دەست پێکردو پاشان (یاسین فەقێ سەعید) وتاری بنکەی گەلاوێژی پێشکەشکردو لەبارەی مامۆستا خالید دلێرەوە ووتی: بنکەی گەلاوێژ شەرەفمەندە بە ئاوڕدانەوەی لەپیاوێك کە هەمیشە خاوەنی سرودی نەسرەوتن تا سەرکەوتن بووە، لەبەشێکی تری وتارەکەیدا (یاسینی فەقێ سەعید) ئاشکرای کرد کە لەفیستفاڵی ئەمساڵی بنکەکەیاندا هەریەك لەبەڕێزان (ئەحمەد هەردی و خالید دلێر) خەڵاتی تایبەتیان پێشکەش دەکرێت.

دوای ئەوەش بەڕێز مەلا بەختیار لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان چەپکە گوڵی ڕێزلێنانی پێشکەش بەمامۆستا خالید دلێر کردو هیوای خواست تا بینینی ئالای سەربەخۆیی کوردستان تەمەن درێژ بێت. بەهەمان شێوە بەڕێز مستەفای سەید قادریش دوای پێشکەش کردنی چەپکە گوڵی ڕێز بەبۆنەی ئەو یادەوە وتی: ئەم چەپکە گوڵە ماچی سەرجەم پێشمەرگەکانی کوردستانە بۆ خالید دلێر، چونکە هەموومان لەچاو خەبات و تێکۆشانی ئەودا هێشتا قوتابین.

لەبەشێکی تری کۆڕەکەدا هەریەك لەهونەرمەندان (عەباس محەمەد و شەماڵ تۆفیق) چەند بیرەوەری و بەرهەمێکی هونەری مامۆستایان پێشکەشی ئامادەبوان کرد. لەکۆتاییشدا خەلات خانی کچی ئەو هونەرمەندە ماندوونەناسە بەناوی بنەماڵەکەیانەوە سوپاسی ئامادەبوان و بنکەی گەلاوێژی کردو هیوای خواست ئەم جۆرە کۆڕانە بەردەوام و بۆ هەموو خەباتگێڕان و هونەرمەندانی تریش بێت. ڕاشیگەیاند ئەم ڕێزلێنانە گەورەترین سەروەری و سامانە بۆ بنەماڵەکەیان..

## وەفدێکی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان سەردانی لقی شارەزووریان کرد

سەر لە بەیانی ڕۆژی 9/5 هاورێ حەمە ڕەشید قەرەداغی جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان وهەر یەك لە بەرێزان حسێن خەلیفە و مام جەوهەر و بەهجەت کاکەیی سەردانی لقی شارەزوری کۆمەڵەیان کرد و لە لایەن سەرۆك و ئەندامانی لقەوە پێشوازیان لێکرا . پێویستە ئاماژەی پێبدرێ مەبەست لەو سەردانە گرنگی دانی زیاتری کۆمەڵە بوو بەرامبەر کێشەو داخوازییەکانی پێشمەرگە دێرینەکانی سنورەکەوپاشان چارەسەرکردنیان.

## یەکێتی مامۆستایان مانگرتنەکەیان شکاند

لەئەنجامی چەندجارەی داواکاری و مانگرتن و دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەشی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان/ هەولێر / سلێمانی بۆ زیادکردنی موچە و نرخی وانەبێژی و سەرفکردنی دەرماڵەی کارگێڕی و چەند داوایەکی تر، حکومەتی هەرێمی کوردستان بریاریدا بەیۆنەی ساڵی نوێی خوێندنی 2006 بۆ 2007 بڕی (125000) هەزار دینار بۆ سەرجەم مامۆستایان بەبێ جیاوازی زیادبکرێت، لەبەرامبەریشدا مامۆستایان مانگرتنەکەیان شکاند..